# شەڕی ساردی گۆڕان و نەوەی نوێ تونێلە تاریکەکەی باشووری کوردستان تاریکتر دەکات

نوسینی بورهان أ. یاسین

٢٠١٨-٨-١٥

ناواخن

پێشگوتار . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . ٣

بزاڤی گۆڕان و جوڵانەوەی نەوەی نوێ . . . . ٣

سروشت و ئاکامی ئەم شەڕە ساردە . . . . . . . ٨

دەرەنجام . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . ٩

## پێشگوتار

ماوەیەکە خەڵکی باشووری کوردستان شایەدی شەڕێکی ساردی میدیایی خۆکوژن لە نێوان بزاڤی گۆڕان و جوڵانەوەی نەوەی نوێ. جگە لەمەش، باوەڕێکی بەر بڵاویش لە ناو ئەم خەڵکەدا، تەنانەت لە ناو چاودێران و رەوشەنبیرانیشدا، ئەوەیە کە دەرەنجام ئەم شەڕە میدیاییە لە زۆر رووەوە زیانبەخشە. بە واتای ئەوەی کە ئەم شەڕە رێک خزمەت بە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی دەکات، وە تەنانەت دەبێتە هۆی پروکانەوەی زێتری هێز و تواناکانی هەر دوو جوڵانەوەی نەوەی نوێ و بزاڤی گۆڕان. لە هەمان کاتیشدا ئەم شەڕە میدیاییە رۆڵی کاریگەریش لە بیهیواکردنی خەڵکیدا دەبینێ بەرامبەر تەواوی بەرەی ناڕازی (یا تۆ بڵێ ئۆپۆزیسین و دژە دەسەڵات) و تەنانەت لەمەڕ بەشداریکردنیش لە تەواوی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، کە ئەمەش دیسانەوە هەر خزمەتە بە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی.

ئەم وتارەی بەر دەست وەک بۆچوون دەخوازێ چەند سەرنجێک بخاتە روو لە هۆکارەکانی ئەم شەڕە و خوێندنەوەیەک لە باری دەروونی کێبڕکێ وە هەڵوێستەیەکیش بکات روو لەو نیگەرانیانەی کە خەڵکی و بەشێک لە چاودێران و رەوشەنبیرانی داگرتووە. ئەم وتارە لە سەرەتادا بە چەند سەرنجێک لەسەر هەر یەکێک لە گۆڕان و نەوەی نوێ بۆ تێگەیشتن لە شێوازی هەڵس و کەوتیان لە چوارچێوەی باری دەروونی ململانێدا و دواتریش ئاکامە وێرانکارەکانی ئەم شەڕە ساردە دەست پێ دەکات. لە کۆتاییشدا پێشنیار و داواکاری خۆم لەم دوو هێزە دەخەمە روو.

## بزاڤی گۆڕان و جوڵانەوەی نەوەی نوێ

هەر لە سەروبەندی دەرکەوتنی نەوەی نوێ هەست دەکرا کە بزووتنەوەی گۆڕان بە کاردانەوەیەکی نێگەتیڤی لە رادە بەدەر بەرامبەر بزوتنەوەی نەوەی نوێ دەرکەوت، کە زیاتر لە کاردانەوەی یەکێتی بەرامبەر بە گۆڕان دەچوو کاتێ ئەم

بزاڤە لە ساڵی ٢٠٠٩دا سەری هەڵدا! لە لایەکەوە هەر زوو لەگەڵ سەرهەڵدانی جوڵانەوەی نەوەی نوێ بە تایبەتی لە لایەن سەرۆکی بزووتنەوەکە (شاسوار عەبدولواحید) و هەندێک لە رەمزەکانی جوڵانەوەکە بە شانازییەوە باسی دامەزرێنەری بزووتنەوەی گۆڕان (خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا)یان دەکرد و وەک سەرچاوەوەی فکری و ئیلهام بۆ خۆیان قەبووڵ بوو، بەڵام لە بەرامبەردا گۆڕان ئەم شتەی پێ ناخۆش بوو وە کاردانەوەکەشی گەیشتە ئەوەی کە وا بکات دواتر سەرۆکی نەوەی نوێ و رەمزەکانی ئەم جوڵانەوەیە لە باسکردنی نەوشیروان مستەفا بسەڵەمێنەوە: گۆڕان نەوەی نوێی لە نەوشیروان مستەفا بێبەش کرد و "لێی سەندەوە"! لەم بارەیەوە بۆچوونی خۆم هەر زوو بە راشکاوی ئەوە بووە کە پێویست بوو نەک هەر گۆڕان پێی خۆش بێت بزاڤێکی تریش، جگە لە خۆی، نەوشیروان مستەفا وەک خاڵی بۆ گەڕانەوە (واتە مەرجەع) بڕوانێ، بەڵکو رێک ئەم ئاراستەیە لە نەوەی نوێدا بەهێز بکات: لە بڕی مامەڵەکردنی ئەم مەسەلەیە لە ئاستێکی حزبی و تاکتیکی تەسکا، دەکرا بزاڤی گۆڕان وەک مەسەلەیەکی ستراتیژی لە ئەم پابەندبوونەی سەرۆکی نەوەی نوێ و هەندێک لە رەمزەکانی جوڵانەوەکە بە دید و جیهانبینیی نەوشیروان مستەفا بڕوانێ. بۆ نەدەکرا بیر و ئەندێشە و جیهانبینی دامەزرێنەری بزووتنەوەی گۆڕان ببێتە سەرچاوەیەکی فکری هاوبەش و بگرە چەترێکیش بۆ کاری سیاسی هاوبەش لە نێوان هەردوو بزاڤی گۆڕان و جوڵانەوەی نەوەی نوێدا. ئاشکرایە ئاراستەیەکی لەم جۆرە پێویستی بە ئاسۆیەکی فراوانتری بیرکردنەوە و بوێرییەکی سیاسی گۆڕان هەبوو!

لە راستیدا بزووتنەوەی گۆڕان هەر زوو کەوتە شەڕێکی میدیایی لەگەڵ جوڵانەوەی نەوەی نوێ وەک ئەوەی جوڵانەوەی نەوەی تەنها و تەنها بۆ مەبەستی تەنگ پێ هەڵچنین و دژایەتی گۆڕان دروست بوبێ! نەک هەر ئەوە بەڵکو بەردەوام تیوری پیلانگێڕی ئامادەیی لای زۆرێک لە هەڵسوڕاوانی گۆڕان حزورێکی بە هێزی هەبووە، بەو واتایەی کە جوڵانەوەی نەوەی نوێ بەرهەمی پیلانی دوو حزبە دەسەلاتدارەکەیە (جارێکیان پارتی، جارێکیشیان یەکێتی، هەر یەکەیان بە تەنیا، وە جارێکیشیان پارتی و یەکێتی بەیەکەوە) لە پشت سەرهەڵدانی جوڵانەوەی نەوەی

نوێوەن. هەر لێرە دەخوازم ئەوە بڵێم کە تا ئێستا بە بەڵگەوە هیچ شتێک نەخراوەتە ڕوو کە بە کردار نەوەی نوێ بەرهەمی پیلانگێڕی دوو هێزی دەسەڵات بێت، جا هەر یەکێکیان بە تەنیا یا هەردووکیان بەیەکەوە! باشتر وابوو بزووتنەوەی گۆڕان خۆی لە تیوری پیلانگێڕیدا، لە تێگەیشتن لە دیاردەی نەوەی نوێ، قەتیس نەکات، چونکە قەتیسبوون لەو ئاستە سنورداره‌دا هەموو دەروازەکانی تری تێگەیشتن لەو دیاردە کۆمەڵاتی و سیاسیی و مێژووییە دادەخات: بۆ ناکرێت تێگەیشتنێکی سۆسیۆلۆژیانە لەم ڕووداوە بکرێ وەک بۆ نموونە دەرهاویشتەیەکی زۆر سروشتی لە ململانێی نەوەکان؟ لە ڕاستیدا، لە ئاستی تاکتیکی سیاسیشدا، ئەم تیوری پیلانگێڕییە ڕێک خزمەت بە پارتی و یەکێتی دەکات: ئەم تیورییە جارێکی دیکە هێز و باڵادەستی پارتی و یەکێتی بۆ خەڵکی کوردستان پشتڕاست دەکاتەوە، کە ئەمەش لە ئاکامدا خزمەت بە جیگیر بوونی دەسەڵاتی ئەم دوو حزبە دەکات. . .

بە ڕاشکاوی، بەم شەڕەی بەرامبەر بە نەوەی نوێ، بە پێ هەڵگرتن لە تیوری پیلانگێڕی، گۆڕان خۆی بچوککردەوە، بەو مانایەی کە پەنای برد بۆ هەمان ئەو زهنیەت و تیوریانەی کە حزبەکانی دەسەڵاتدار لە کاتی ململانێکاندا پەنایان بۆ ئەم تیورییە بردوە: نەک هەر لە ساڵانی ئەزمونکردنی دەسەڵاتدا بەڵکو لە ساڵانی شەڕ و پێکدادانی شاخیشدا تیوری پیلانگێڕی ئەو مێتودی تێگەیشتن و گوتارە سیاسییە بوو کە بە توندی ئامادەیی هەبوو لە *ژەهراویکردنی* پەیوەندییە کوردستانییەکاندا و دێواندنی یەکتر تا ڕادەی سڕینەوەی جەسەدی، تەنانەت کۆمەڵکوژیی یەکتر بەو پەڕی دڵڕەقییەوە. گۆڕان وەک جوڵانەوەیەکی نوێخواز کە بە ڕادەی یەکەم دەخوازێ دیاردە نەرێنییەکانی شەڕی شاخ و ئەزمونە سەقەتەکەی ساڵانی دوای ١٩٩٢ تێپەڕ بکا، پێویستی بە مێتود و ئامرازی تێگەیشتنی دیکە هەبوو بۆ دیاردەکان نەک *ژەهری تیوری پیلانگێڕی*. . .

لە لایەکی دیکەوە، وەک پێشتر لە نووسینێکی دیکەدا بە کورتی ئاماژەم پێکردووە، کە جوڵانەوەی نەوەی نوێ پشت ئەستوورە بە نەوەیەکی نوێی کە خۆی لە چیرۆکی دوێنێی "خەباتی" شاخدا نابینێتەوە، نامۆیە بەو ئەزموونە سیاسییەی بەڵکو

خۆی وەک دژە دەسەڵات و ئەنتی تیژی دەسەڵات دەبینێتەوە و پڕە لە وزە و هەڵگری خەونێکە. . . لە لایەکی دیکەوە هەموو ئەمە بەس نییە بۆ ئەوەی سەرکەوتنی جوڵانەوەی نەوەی نوێ زامن بکات. ئەوەی تێبینی دەکرێ لە گوتاری سیاسی ئەم جوڵانەوەیە و زۆرێک لە رەفتارەکانی ئەم جوڵانەوەیە سادەیی تێگەیشتنی سیاسی و رادەیەکی زۆر لە ناواقیعیبوونی سیاسی، ئەم جوڵانەوەیە خۆی بە هەندێک تەوەهومی سیاسییەوە هەڵواسیوە کە دەکرێ دواجار لە نیوان دوو ژمارەی ئەو پەڕی هاوکێشە سیاسییەکانی سفر یا سەد ببێ بە ژمارەیەکی کەم مانا! مرۆڤی سیاسی و جوڵانەوەی سیاسی زۆر جار لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکان پێویست دەکات پێ لە حەز و خولیاکانی بنێ و جێگا بە تەوەهومە سیاسییەکان چۆڵ بکات لە پێناو مامەڵەکردن لەگەڵ راستییە کۆمەڵاتی و سیاسییەکان وەک خۆیان نەوەک لە رۆشنایی حەز و خولیاکان. یەکێک لە حکمەکانی سیاسەت ئەوەیە کە تا بۆت بکرێ ژمارەی بەرهەڵستکار و دژەکانت کەم بکەیتەوە و بێ کاریگەریان بکەیت، ژمارەی دۆست و هاوپەیمانانت زیدەتر بکەیت وە شتێکی واش نەکەیت بێلایەنەکان لە دژەکانت نزیک ببنەوە بەڵکو ئەم بێلایەنانە بکەیت بە دۆستی خۆت. کەچی، لە سەرنجدانێکی بە پەلەدا، دەکرێ بە ئاسانی بڵێین کە ئەوەی جوڵانەوەی نەوەی نوێ تا ئێستا کردوویەتی بە رادەیەکی یەکجار زۆر دژ بەم حکمەیە بووە.

ئاسان نییە مرۆڤ تێبگات بۆ گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی کێشەن بۆ نەوەی نوێ. زۆر جار هەست دەکرێ کە ئەو جەختکردنەوەیەی کە شاسوار عەبدولواحید لەسەر "خەرابکارییەکانی" ئەم چوار ساڵەی دوییدا دەیکات زۆر زیاترە بە بەراورد لەو جەخرکردنەوەیەی کە لەسەر کۆی ئەزموونە شکستخواردووەکەی پارتی و یەکێتی دەیکات. هەر چەندە راستییەکیش هەیە کە هێزە ناڕازییەکانیش رۆڵێکی گرنگیان لە پاڵدانی جوڵانەوەی نەوەی نوێدا هەبووە بەم ئاڕستەیە، بەو واتایەی کە زۆر جار نەوەی نوێ دەستی هاوکاری بۆ چوار هێزە ناڕازییەکە درێژ

کردووه بەڵام ئەم دەستپێشخەریانە بێ وەڵام ماونەتەوە. هەر ئەمەش جێگای نیگەرانی زۆرێک لە خەڵکی چاکخواز و رەوشەنبیرانی خەمخۆری وڵات بووە.

ئەوەی لەم پەیوەستەدا دەکرێ بگوترێ ئەوەیە کە چ جوڵانەوەی نەوەی نوێ و چ هەر چوار هێزە ناڕازیەکە (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ، هاوپەیمانی) پێویستە ئەم راستییە ببێنن کە نە نەوەی نوێ بە تەنیا وە نە چوار هێزەکەش بەبێ هاوکاری و کاری هاوبەش لەگەڵ نەوەی نوێ دەرفەتی وەرگرتنی دەسەڵاتیان لە یەکێتی و پارتی نییە. جگە لەوەش پرسیارێکی زۆر گرنگ و ستراتیژی بۆ هەر هەموویان ئەوەیە کە ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنبوونێکی جددی و کاریگەر بەرمابەر بە پارتی و یەکێتی پێشتر تاقیکرابێتەوە وە لە لایەکی دیکەشەوە بەشداربوون لەگەڵیاندا (واتە لەگەڵ یەکێتی و پارتی) لە دەسەڵات - بە ناوی حکومەتی بنکەفراوان - لە رابردوودا تاقیکرابێتەوە، ئەی باشە چ بژاردەیەک ماوەتەوە کە تا ئێستا لە ئاکارە مەدەنی و دیمۆکراتییەکاندا تاقی نەکرابێتەوە؟ بە بۆچوونی خۆم ئەم پرسیارە زۆر جدییە وە بە هەمان رادەی گرنگی بەرەورووی نەوەی نوێ و هەر چوار هێزە ناڕازییەکە دەبێتەوە. . . واتە هەر لە ئێستاوە دەبێ پرسیاری سەرەکی ئەم پێنج هێزە ئەوە نەبێت کە هەر یەکەیان بە جیا چەند کورسی پەرلەمان بە دەست دەهێنن بەڵکو پرسیاری جددی و سەرەکی ئەوەبێ کە ئایا ئەم هێزانە چ جۆرە سیاسەتێک بەو کورسیانەی پەرلەمانەوە بکەن بۆ ئەوەی گۆڕانکارییێکی بنەڕەتیی لە دەسەڵاتی باشووری کوردستاندا بکەن. هەر لە ئێستاوە دەتوانم پێشبینی ئەوە بکەم کە گوزەرانی هێزە چاکخواز و گۆڕانخوازەکان لە حکومەتی بنکە فراوانی چوار ساڵی رابردوودا چەند ئاستەم و پڕ کێشە بوو ئەوا حکومەتێکی هەر لەم جۆرە بۆ چوار ساڵی داهاتوو، جا بە ناوی نیشتمانی، بنکە فراوان، یا هتد. . .، ئاستەمتر و پڕ کێشەتر دەبێ لە ژێر سایەی نێچیرڤان بارزانی و باڵادەستیی پارتی دیمۆکراتی کوردستان. ئەگەر نێچیرڤان بارزانی بە دەسەڵاتی کەمترەوە لە رابردوودا ئەوە هەڵس و کەوت و مامەڵەی لەتەک پەرلەمان و دامەزراوە شەرعییەکاندا بووبێ کە بۆ هەمووومان ئاشکرایە، ئایا دوای بەدەستهێنانی زۆرێک لە دەسەڵاتەکانی

سەرۆکایەتی هەرێم، نێچیرڤان بارزانی چ جۆرە سەرۆک وەزیرانێک دەبێ. . . بە واتایەکی دیکە، مەترسی ئەوە هەیە کە لە داهاتوودا، واتە دوای هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان، تەنها بژاردەی تێکدانی **گەمەکانی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی** بۆ هێزە نارازییەکان بمێنێتەوە نەک جارێکی تریش "بەشداریکردن" لەم یاری و گەمە دۆڕاوە، گەمەیەک لە ژێر رکێفی ئەو دوو حزبە دایە و هەر ئەوانیش ئاکارەکانی گەمەکە بە هەموو وردەکارییەکانیەوە دیاریدەکەن! بە راشکاوی دەتوانم بڵێم کە ئاستەمە چوار هێزە نارازیەکە بە ئاسانی کۆک بن لەسەر ئاراستەو ستراتیژی کارکردن دوای هەڵبژاردن: لەوە دەچێ دوو دانە لەم چوار هێزە زۆر لاریان لەوە نەبێ ببن بە بەش لە گەمە کلاسیکییەکەی پارتی و یاکێتی، بەڵام لە بەرامبەردا دوو هێزەکەی تر بە گومانێکی زۆرەوە لەم جۆرە لە بەشداری دەڕوانن.

## سروشت و ئاکامی ئەم شەڕە ساردە

یەکێک لە دەرهاوێشتەکانی ئەم شەڕە ساردەی نەوەی نوێ بەرامبەر بە چوار هێزەکە ئەوەیە کە پارتی و یەکێتی دەتوانن بەرهەمی ئەم شەڕە لە قازانجی خۆیان بچنەوە، بە هەر حاڵ بە زۆر شێوە دەستکەوتیان لێی هەبێ و سودمەند بن لێی.

دەرهاوێشتەیەکی دیکە، کە لە راستیدا زۆریش کوشندە و مەترسیدارە، ئەوەیە کە ئەم شەڕە ساردە ببێتە هۆی ساردبوونەوەی دەنگدەران وە دابەزاندنی زێتری رێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، کە سوودمەندی سەرکەیش لە حاڵەتێکی ئەوهادا پارتی و یەکێتی دەبن و زەرەمەندی سەرەکیش هەر پێنج هێزە نارازییەکە دەبن: دەرەنجام مانەوەی ئەو دەم و چاوەی ١٦ ساڵە سەرۆک وەزیرانە (واتە نێچیرڤان بارزانی) لەسەر کورسی دەسەڵات دەمێنێتەوە، بە یەک جیاوازییەوە کە ئەویش ئەوەیە ئەم جارەیان بە هێزێکی زیاتر دوای ئەوەی بەشێکی گرنگ لە دەسەڵاتی دامەزراوەی سەرۆکی هەرێم درا بە ئەو. پرسیار ئەوەیە کە ئایا گەر نێچیرڤان بارزانی بە دەسەڵاتێکی کەمترەوە لە ساڵانی رابردوو بەو هەموو لوتبەرزی و بێ ئەرزشکردنەوە مامەڵەی لەگەڵ پەرلەمان و دامەزراوە دیمۆکراتییەکاندا کردبێ، ئەی ئەمجارەیان بەو هەموو دەسەڵاتە زۆرەوە چی

دەکات، وە چی دەمێنێتەوە لە هێز و توانای پەرلەمان و دەسەلات و دامەزراوەکانی تر؟

جا لێرەدا ئەو پرسیارە جددیەی کە لە حالەتی سەرەوە دەکەوێتەوە ئەوەیە ئایا بۆ هەمووان خۆیان بە شەڕێکی لاوەکییەوە (کە شەڕە لەسەر بەدەستهێنانی دەنگی زیاتر و پاراستنی پێگەی حزب) خەریک کردووە، لە بری شەڕە چارەنووس و سەرەکییەکە کە "شەڕە لە سەر سیستەم". ئەم شەڕەیان هی هەمووانە وە لە پێناوی دوارۆژێکی باشترە بۆ هەمووان: بە دۆڕاندنی ئەم شەڕە لەسەر سیستەم، لە هەلبژاردنەکانی ئەم جارەدا تونێلە تاریکەکەی باشووری کوردستان تاریک تر دەبێ و بێ هیواییش بە ئەگەری زۆر دەگاتە لوتکە. گەیشتنی بێهیوابوونیش بە لوتکە دەمان باتە حالەتێک کە ئیتر بە ئەگەری زۆر ئەم جارەیان باس لە زەبر و زەنگ لە تیوری دەچێتە ئاستی کاردانە و کرداری بەکاربردنی زەبر و زەنگ. دواجار دەکرێ هەر شۆڕشیک لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لە دوو وشەدا کۆبکەینەوە کە بە هەردووکیشیان دوو دیوی یەک دراو پێک دەهێنن: لەسەر دیوێکیان نووسراوە *بێهیوابوون* (واتە بێهیوابوون لەوەی کە هەیە) بەلام لە دیوەکەی تری ***هیوابوون*** نووسراوە (واتە هیوابوون بە سبەینێیێکی باشتر لەوەی کە هەیە). . .

## دەرەنجام

ئێستا کاتی چرکەساتی بڕیاری گەورە و بوێرە، بڕیارێک کە ململانێکە لە شەڕە لاوەکی و زیانبەخشەکان بگوازێتەوە بۆ شەڕێکی راستەقینە لەسەر سیستم و ماهیەتی سیستەم: شەڕێک لە پێناوی دوارۆژێکی باشتر بۆ هەمووان. . .
بیناکراو لەسەر ئەوەی لە سەرەوە گوترا، بە تایبەتی لە رستەیەی هەرە دواییدا، وەک هەنگاوێکی بوێر و ئیرادەیەکی بە بڕیار:

١) هەر چی زووە وە بەبێ دواکەوتن ئەم شەڕی میدیاییە، کە سەرچاوە و هۆکارێکی تری بیهواکردنی خەلکی کوردستانە، کۆتایی پێ بهێنرێ. هەر هێزێکیش دەستپێشخەر بێت بۆ هەنگاوێکی ئەوها دەستخۆشی جەماوەر بۆ خۆی مسۆگەر

دەکات و دەبێتە خاوەنی شانازییێکی گەورە. ئەگەر ڕێکەوتنێک لەم ئاراستەیەدا (واتە کۆتاییهێنان بەو شەڕە میدیاییە) لە نێوان گۆڕان و نەوەی نوێدا بە زوویی فەراهەم نەبێت، ئەوا دەکرێ وە پێویستیشە بزاڤی گۆڕان یا نەوەی نوێ بە بڕیارێکی بوێرانەوە تاکلایەنە کۆتایی ئەم شەڕە میدیاییە رابگەیێنێ وە بەم شێوەیە دەرفەت خۆش بکات بۆ لایەنەکەی دیکە بۆ ئەوەی هەمان بڕیار بدات. بڕیارێکی ئەوها دەتوانێ زۆر لێکەوتەی ئەرێنی هەبێ وە بە کرداریش ڕێگا خۆش بکات بۆ نزیکبوونەوە لە یەکتر و وێناکردنی سیناریۆکانی دوای هەڵبژاردن بە شێوازێکی تەندروستر و هیوابەخشتر، سیناریۆیەک کە دەخزێتە خزمەتی کۆتاییهێنان بەم سیستمە شکستخواردوە؛

٢) پێویستە بۆ هەموو هێزە ناڕازییەکان ستراتیژ و شەڕ لەسەر سیستەم ببێتە خاڵی سەرەکی لە خەباتی سیاسی دژ بە دەسەڵاتی تا سەر ئێسقان گەندەڵی پارتی و یەکێتی وە ململانێ لەسەر دەنگی دەنگدەران نەک هەر شەڕێکی لاوەکی بێت، بەڵکو تەنانەت مەسەلەیکی زۆر تەندروست بێت لە گەمە و ئاکارە دیمۆکراتییە ڕاستەقینەکاندا جێگای سروشتی خۆی بکاتەوە؛

٣) زۆر گرنگە هەموو هێزە ناڕازییەکان تەماشای دیاردەی گەندەڵی وەک مەترسییێکی ستراتیشی لەسەر چوار ئاست تەماشا بکرێ و تێگەیشتنی بۆ بکرێ: أ- گەندەڵی سەرچاوەی ناهەمواری گوزەرانی خەڵکی کوردستانە؛ ب- سەرچاوەیەکی گرنگی گرژییەکانی نێوان بەغدا و هەولێرە؛ ج- سەرچاوەیەکی زۆر زیانبەخشە لە پەیوەندییە ئیقلیمییەکانی هەرێمی کوردستاندا، وە لە هەمووشیان مەترسیدارتر پەیوەندییەکانە گوماناوییەکانە لەگەڵ تورکیادا؛ ح- لە ئاستی نێو نەتەوەییش گەندەڵی بەرپرسە لە کۆمەڵێک دیاردەی نەرێنی بۆ پێگەی نێودەوڵەتی هەرێمی کوردستان. . .

کەواتە هەرێمی کوردستان بەرەو هەڵبژاردنەکانی ٩/٣٠ دوو سیناریۆیی لەبەردەمە: أ- مانەوەی سیستمی پارتی و یەکێتی بەو هەموو ئاستانەی گەندەڵی، یا ب- گۆڕانکاری ریشەیی لە دەسەڵاتدا. باشتر وایە هەر زوو خەمخۆرانی چاکسازی و

خوازیارانی دواڕۆژێکی باشتر بۆ خەڵکی کوردستان هەر زوو لەو باوەڕە پشتڕاست بن کە بەم شەڕە لاوەکیانەی ئێستا هەیە ئەوەی دووەمیان فەراهەم نابێت. ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ هێزە ناڕازییەکان بژاردەیەکی پڕ مەترسییە، بە واتای بەشداربوونێکی شەرمنانە لە دەسەڵاتێکدا کە تیایدا پارتی، وە بە رادەی دووەمیش یەکێتی، باڵا دەستە وە ئەوانی تریش هەر وەک پێشتر لە حکومەتی بنکە فراواندا، دەبنە ئامرازی جوانکردنی دەسەڵاتی ئەم دوو حزبە. بە دیوێکی دیکەدا ئەم پێنج هێزە نەڕازییەوە هەر ئەمڕۆ و هەر ئێستا، بەبێ دواکەوتن بۆ یەک چرکەش، پێویستە بە جددی و بە دڵسۆزی و راستگۆیی خۆیان بخەنە پێش ئەم دوو سیناریۆیە و بڕیاری گەورە و بوێر بدەن: هێزی گەورە و سەرکردەی گەورە بڕیاری مێژوویی گەورە دەدات و شەڕی گەورە دەکات؛ پێچەوانەکەشی راستە!

٤) لە ماوەی دواییدا لە دیبەیت و نووسراو و پێشنار و پڕۆژە زۆرێک لە دڵسۆزان و رەوشەنبیرانی ولات دەمی قسەیان لە هێزە ناڕازییەکان بووە. ئەم دیاردەیە دڵخۆشکارە و جێگای هیوایە: لە کۆمەڵگای کوردەواریدا هەستکردن بە لێپرسینەوە و خەمخۆری گەیشتۆتە ئاستی ئەوەی کە خەمخۆرەکان تەنها بە رەخنەگرتن رازی نابن بەڵکو دەخوازن لایەنەکان لە مەترسییەکان ئاگادار بکاتەوە و پێشنیاری پێویستیش بکەن. . . لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە زوو یا درەنگ پێویستە زمانی رخنە و پێشنیار تێپەڕێنرێ و بە زمانی "چیتر لێتانم قەبووڵ ناکەین" وە ئەم هێزە سیاسییانە بەرەوووی بەرپرسییێتی بەردەوامبوونی ئەم تونێلە تاریکە کارەساتئامێز و پڕ لە تراژیدیا مرۆییە بکرێنەوە؛

٥) پێویستە هەرچی زووە گۆڕان، لە دید و تێڕوانینی بۆ نەوەی نوێ،  خۆی لە *گرێی باری دەروونی ململانێ* رزگار بکات، بەو مانایەی چیتر وا بە سادەیی لە رۆشنایی تیوری پیلانگێڕی لە سەرهەڵدان و کار و چالاکییەکانی جوڵانەوەی نەوەی نوێ نەڕوانێ: گریمان ئەگەر ئەو تیوری پیلانگێڕیەی گۆڕان، کە گوایە نەوەی نوێ جۆرێکە لە ئامراز و سێبەری پارتی و یەکێتی یا هەر یەکێکیان بە تەنیا، ئەوا مانای ئەوەیە کە ئەو شەڕەی گۆڕان بەرامبەر بە نەوەی نوێ دەیکات رێک جێبەجێکردنی

وردەکارییەکانی ئەو پیلانگێڕیەی یەکێتی و پارتییە، ئەمەش پەرادۆکس یا موفارەقەکەیە، تەنانەت روحی کێشەکە و سەرچاوەی تراژیدیاکەشە.

لە بەرمابەردا پێویست بوو هەر زوو گۆڕان، وە ئێستا پێویستترە، بڵێ "لەبەر ئەوەی پارتی و یەکێتی بە پێی پیلانەکەیان مەبەستیانە ئێمەی گۆڕان و نەوەی نوێ بە گژ یەکدا بدەن، ئەوا ئێمە هەر گیز ئامادە نین ببین بە ئامراز لە جێبەجێکردنی ئەم پیلانە، وە ئەوەندەش خۆمان بچووک ناکەینەوە تا رادەی ئەوەی کە شەڕی بە وەکالەت بۆ (یا راستتر لە بری) دوو هێزی دەسەڵات بکەین!" مرۆڤ تێدەگات کە لە ماوەی دواییدا گۆڕان کەوتۆتە ژێر کاریگەری دەروونیی نەرێنیانەی دوو رووداو یەکەمیان کۆچی دوایی دامەزرێنەر و رێکخەری گشتی بزاڤەکە (خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا) وە ئەوەی تریشیان تۆمارکردنی ئەنجامێکی ناسەرکەوتوو بوو لە هەڵبژادنەکانی عێراقدا، جا بە هۆی ساختەکارییەوە بێت یا هەر هۆیەکی تر! باشتر وایە نزیکبوونەوەی گۆڕان لەم بارە دەروونییە و هەڵس و کەوت لە تەکیدا تەواو بە شێوازێکی تر بێت لەوەی کە هەیە: ***هەرگیز حاڵەتێکی ناتەندروست بە مێتودێکی ناتەندروست تەندروست ناکرێ***!